

## جەوهەر مەحمود داراغا:

# وەرگێڕان پێ لە زەوی بڕین و تەیکردنی جیهانی حەز و ویستەکانی مرۆڤە

باران

سازدانی: کارزان خدر

*** لە کەیەوە دەستتداوەتە خوێندنەوە و نوسین و وەرگێڕان؟**

- لەبەرئەوەی نەتەوەیەکی بندەست بووین، ڕۆژنامە و چاپەمەنیی کوردی، هێندە نەبوون، دەبوو کتێبی عەرەبیمان بخوێنایەتەوە. بە حوکمی نزیکی ماڵمان لە (کتێبخانەی گشتی)ی سلێمانییەوە و خولیای خۆم بۆ خوێندنەوە و هاندانی مامۆستای زمانی عەرەبیی قوتابخانەی (جمهوریی سەرەتایی)و یارمەتیی خوالێخۆشبوو: (حەمە ساڵح دیلان)ی شاعیرەوە، کە ئەودەم، بەڕێوەبەری (کتێبخانەی گشتی)یە تاقانەکەی شاری سلێمانی بوو، فێری چوونە کتێبخانە بووم و، خوێندنەوەی ڕۆمانەکان و، بڕێك کتێبی نزیك بە دەروونی منالان. لە ساڵی (1962)ەوە و، پۆلی پێنجی سەرەتایی، کتێبم خوێندووەتەوە و بە گوێرەی یاسای ئەودەمە، بە حەوت ساڵی لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی وەرگیرابووم. یەکەم نووسینم لە ڕادیۆی کوردی بەغدا، خوێندرایەوە. یەکەم نوسینیشم کە پارچە شیعرێك بوو، لە ڕۆژنامەی (بــرایی)دا و، لاکێشەی سووچی لای ڕاستی، یەکەمین لاپەڕە و، شوێنی (پەندەکانی پیرەمێرد)دا، چاپکراو، بڵاوبوەوە و، ئێستا ئەو شیعرەم، لانەماوەو بیرمە دوایین دێڕی ئەمە بوو:

من پێم باشترە بە پێوە مردن

نەکو لە سەر چۆك ژین بەسەر بردن

لە هەشتاکانی سەدەی رابردوویش، چەند جارێك و بە دەستی خۆم و، ترس لە ئاسایشی نێو شار، کتێبخانەکەی خۆم سووتاندووە!

***یەکەم کتێبێك کە خوێندتەوە چی بوو؟**

-یەکەم کتێبێك کە خوێندمەوە، کتێبەکەی (پــاڵەوانی دوارۆژ) بوو. ئەو کتێبە چەندین شیعری منالانی لە خۆگرتبوو. پێموابێت لە نوسینی (فەرەیدون عەلی ئەمین) و کەسێکی تر بوو و، وێنە و نوسینی سەر بەرگەکەیشی، بە خامە جوانەکەی (عەلی عومەر)ی خۆشنووس بوو.

***هەستناکەیت ئەگەر یەکەم کاری وەرگێڕ گەورە بێت، ماندوی دەکات و، ساردی دەکاتەوە؟**

-من بە پێچەوانەوە بۆی دەچم! پێویستە نوسەر وەکو ڕەسوڵ حەمزەتۆف






**پێویستە نووسەر وەکو ڕەسوڵ حەمزەتۆف بیر بکاتەوە، کە وتویەتی: (من دەمەوێت نووسینەکەم، وەکو کۆترێکی سپیی، نێو کۆترە شینکەی کێوی بێت و، لە کاتی فڕینیدا، تا لە چاو ون دەبێت: بناسرێتەوە!**

دیدار

بیربکاتەوە، کە وتویەتی: (من دەمەوێت نوسینەکەم، وەکو کۆترێکی سپیی، نێو کۆترە شینکەی کێوی بێت و، لە کاتی فڕینیدا، تا لە چاو وندەبێت: بناسرێتەوە!)

ئەو یەکەمین وەرگێڕدراوەی منیش وەکو کتێب وەکو ناوازە و، لە پێشینەیە، چوار بەرگە و، کارێکی چوار ساڵەی پڕوکێنەری، کەم کەس کردەیش بوو. خۆزگە بەرهەمی خامەی ئاسایی کەم دەبو و، داهێنان مەبەستی لە پێشینەی هاوڕێیانی وەرگێڕ دەبوو. خوا تەمەنی کاك (حەمە کەریم عارف) و (رەئوف بێگەرد) و، هەموو ئەوانە درێژبکات، کە بەرهەمی مەزنی پڕوکێنەر بۆ نەتەوەکەی خۆیان، دەستەبەردەکەن.

بۆیە یەکەم کاری وەرگێڕانی منیش شاکاری (هەزار و یەك شەوە) بوو، بە دوای ئەمیشدا رۆمانی چوار بەرگی (شەڕ و ئاشتی)یم، خستە بەر دیدەی نەتەوە ستەمدیدەکەم.

*** وەرگێران چ چێژێکت پێدەبەخشێت؟**

-وەرگێڕان کاری بیر و هزرەو، جیهانێك وردەکاری. هەرچەند (ماریۆ بارگاس یۆسا)یش لە پێناسەی وەرگێڕەکاندا وتوویەتی»وەرگێڕەکان شکستخواردووانی گۆڕەپانی ئەدەب و نووسینن»! بەڵام وەرگێڕان کارێکی پڕووکێنەرە. کە لەماتەمی مردنی (سامی الدروبی)دا لە هاوژینەکەیان پرسی: (مێردەکەت بە چی مرد؟) لە وەڵامدا وتبووی: (وەرگێران کوشتی!).

وەرگێران پێ لە زەوی برین و تەیکردنی جیهانی حەز و ویستەکانی مرۆڤە، کۆگای دەستەبەر بوونی خۆزگە و ئاواتەکانە! چێژی نوسەرانە! رنینەوەی پرچە، بۆ ستەم لێکراوان و چۆپی کێشانە لەگەڵ بەختەوەر بوونی پاڵەوانەکان! جێ هێشتنی زەلکاوی ستەمی کۆمەڵگەیە و، چوونە بەهەشتی ویستی نوسەرانە!

منیش وەکو وەرگێڕێك، چێژی خۆم دەبینم. ئێوە دەزانن منیش وەکو هەر خوێنەرێك، ئەوە یەکەمجارە، ئەو کتێبەی کاری لەسەر دەکەم: دەخوێنمەوە!! برێك هاوڕێیشم سەیریان بەم کارکردنەی من دێت! دەپرسن ئەی ئەو رۆمانە چۆن هەڵدەبژێریت تا کاری لەسەربکەیت؟ منیش دەڵێم: چەند کەسێك رێنماییم دەکەن و کتێبم بۆ دیاریدەکەن. لەو برادەرانەم: بەڕێزان (سابیر مەلول) و(نەجات نوری)ی چیرۆکنوس. خۆیشم لە ئەنتەرنێت بۆ نوسەرەکان و، کتێبەکانیان دەگەڕێم و، رای خوێنەران. دواجار وەکو باز، بەسەر کتێبێکەوە، دەنیشمەوە.

***هەستدەکرێت ئێستا خوێنەری کتێبی گەورە، نەماوە و بگرە رێژەی خوێنەرانیش بەرەو داکشان چووە؟**

-ئەوە راستە و منیش هەستم پێکردووە، بەڵام نوسەران و وەرگێران بۆ سەردەمێك نانوسن و بەرهەمی باشیش، خۆرە لێی نادات و، دەچێتە خانەی (هەمیشە بەهاران)ەوە.

*** بە رای تۆ، هیچ یاسا و رێسایەك هەیە، بۆ وەرگێڕان؟**

-ئەی بۆ نــا؟ ، بواری ئێستای من، لەم گۆڤاری بارانەدا، بۆ قوڵبوونەوە، رەخساو نییە، بەڵام دەتوانم برێك لە یاسا گشتگیرە سەرەکییەکانی بۆ ئێوە بخەمەروو.

هەستکردن، بە (زمکان)ی ئەو بابەتەی وەردەگێردرێت و، زانینی زۆرێك لە کلتووری کۆمەڵگەی ئەو کتێبەوە، کە وەر دەگێردرێت و، فەلسەفەی ژیانی کۆمەڵگەکەیان. شارەزابوون لە زمانی لێوە وەرگێڕدراودا و باگراوندێکی رۆشنبیری باش و، پاڵنەری خولیا و ئارەزوو. لەگەڵ ئاگادار بوون لە پەند و ئیدیۆمی زمانی کار لەسەرکراو دۆزینەوەی ئیدیۆم و پەندی پێشینانی شیاوی، ئەو زمانەی بۆی وەردەگێردرێت و، دوورکەوتنەوە لە شێوە زمانی ناوچەیی و، پەیڕەوی زمانی ستاندارد و، گەر وەکو خۆیشمان، زمانی یەکگرتوی ستاندارد نەبوو، ئەوا رێچکەی کەڵە نوسەر و وەرگێڕانانی کۆمەڵگە گرتن، چەند بنەمایەکن بۆ هێنانەکایەی، بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی سەرکەوتو.

من بۆ خۆم کۆپلەیەك دەخوێنمەوە و، بە بەستنەوەی بە کۆپلەی بەر لە خۆی، دەستدەکەم بە وەرگێڕانی. بۆ بابەتە ژنانەکان پشتم بە هاوژینی رۆشنبیر و خوێنەری خۆم و کچانی خۆم دەبەستم و راوێژ کردن بە کەڵە وەرگێڕەکانی هــاوڕێم و، داونلۆدکردنی ئەو رۆمانانەی وەرمگێڕاون و بە فیلم کراون و، دانیشتنی چەندجارە، بە دیار ئەو فیلمانەوە.

ئاخر رۆماننوسی بەنێوبانگی ئیسپانی (ماریۆ بارگاس یۆسا) لە رۆمانی (کەتنەکانی کچۆڵەیەکی لاسار)دا کە خۆم وەرمگێڕاوە، لە سەر زمانی هاورێیەکی وەرگێڕی راستەوخۆوە، ئامۆژگاری دەدات بەوەی، گەر هەڵە لە وەرگێرانی راستەوخۆ و لە دادگادا روویدا، باجەکەی هەرچەندێك بێت، ناگاتە باجی وەرگێرانی هەڵەی دەقە ئەدەبییەکان، چونکە خوێنەران و رۆشنبیران هەرگیز، لە هەڵەی وەرگێڕەکان خۆش نابن، بەوەی هیچ دەقێکی وەرگێردراو ون نابێت!

*** پێتوایە شیعر وەردەگێردرێت؟**

- ئـەی بۆ نا!؟ شیعر ئەو ژانرەیە کە شاعیرێکی عەرەب لە پێناسەکەیدا وتوویەتی: احسن الشعر اکذبه! کاکە (حەمەی مەلا کەریم)یش پێیوایە شیعر تەنیا شایستەی جوانیی سروشت و ژنە و هیچی ترا! هەرچەند نکوڵی لەوە ناکرێت، بە وەرگێرانی شیعرێك لە زمانی خۆیەوە، بۆ زمانێکی دی، شیعرەکە برێك لە چێژ و قەشەنگی خۆی، دەدۆرێنێت، بـەڵام خۆ ناکرێت وەرگێرانیشی بە کارێکی بڤە دابنێین! ئەوەتا سەلامی شاعیر و هەژاری مەزن، چوارینەکانی (خەیام)یان وەرگێراوە.

*** ئێستا چیت لەبەر دەستە بۆ وەرگێران؟**

-ئێستا سەرقاڵی وەرگێرانی (کلۆڵەکان)ی رۆماننوسی گەورە، (ڤیکتۆر هـۆگـۆ)م. ئەم رۆمانە (5) بەرگە، ئەگەر مەرگ مەودابدات، بە کوردی دەکەم. بەر لەم رۆمانە، رۆمانی (کۆتـاڵی رۆژ)ەکەی (ئیشیۆ جۆرۆ)م وەرگێرا و، ئامادەی چاپە.

*** لە ئێستادا کێ بە وەرگێری سەرکەوتوو دەزانیت؟**

-کتێبخانەی کوردی، هەژارە بە کتێبە وەرگێردراوەکان و، ناوەندەکانی چاپ کردن درێغییان نەکردووە، بەڵام ئەوەی تورەم دەکات، (رێزنان)ی، مەعنەویی، وەرگێرەکانە! ئاخۆ بۆ لانیکەم وەزارەتی رۆشنبیریی، ناسنامەی تایبەت نابەخشێت بە وەرگێر و نوسەر و شاعیران؟ بڵێی ئەمەشیان بەهۆی باری






دیدار

**وەرگێڕان کۆگای دەستەبەر بوونی خۆزگە و ئاواتەکانە! چێژی نوسەرانە! رنینەوەی پرچە، بۆ ستەم لێکراوان و چۆپی کێشانە لەگەڵ بەختەوەر بوونی پاڵەوانەکان! جێهێشتنی زەلکاوی ستەمی کۆمەڵگایە، چوونە بەهەشتی ویستی نوسەرانە!**

داراییەوە بێت؟

ئەڵبەتە لە وەرگێڕە کۆنەکان و بە چاولێکردن، لە بەرهەمەکانیان: (هەژار) و (ئەورەحمانی حاجی مارف) و (عەزیز گەردی) و شکور موستەفا)، بە پسپۆڕی بواری وەرگێڕان دەزانم. دەبێت وەرگێڕە بەڕێزە پڕ بەرهەمەکەی کورد: (حەمە کەریم عارف) دەکەمە پێشەنگ و سەرقافڵەچی و، داوای لێبوردن دەکەم و ناوی وەرگێڕە باڵاکانی دی ناهێنم.

*** چ بەو کەسانە دەڵێیت، کە لە سەرەتای کاری وەرگێڕان دان؟**

-خوێندنەوەی زۆر، لە بوارگەلێکی فرەدا و، بەو دوو زمانە، یان سێ زمانەی، کاری وەرگێڕانی تێدادەکات. شارەزا بێت لە کلتوری خۆی و، ئەو زمانەی وەرگێڕانی لێوە دەکات. ئێوە دەزانن بەرهەمی ئەدەبیش هەر هێندە نوسەر خاوەنێتی، تا چاپنەکراوە و، چاپ بوونیشی، وەکو دەرچوونی تیر وایە، لە کەوانەکەی و، خۆزگە خواستن، نایگێڕیتە دواوە!؟ کەوابو با: وەرگێڕە گەنجەکان فرە بخوێننەوە و، کەم بنووسن. لە سەر وەرگێڕە پێشینەکانی بەر لە خۆیانەوە، درێژە بە کارەکانیان بدەن.

*** دوا وتەت بۆ خوێنەران چییە؟**

-خوێندنەوەیش وەکو هەر دەستکەوتێکی تری مرۆڤە و، لە شێوەی (دان و سان)دایە! وەکو سودی بۆ مرۆڤ هەیە، بێ زیانیش نییە! بەڵام بە بڕوای من: سودەکانی لە زیانەکانی فرەترن، بۆیە بناغەی وڵاتانی ئەوروپا خوێندنەوە و، رۆشنبیرییە و، بخوێننەوە و، بخوێننەوە! رێز لە زانایان و داهێنەران و خێرخوازان و، پیاوچاکانی خۆتان بگرن. رێزی هەر نەتەوەیەکیش بە کلتورەکەی خۆیەوەیەتی.

سوپاس بۆ گۆڤاری (باران)یش کە ئەم هەلی خۆ ناساندنەی بۆ من سازدا. خوازیارم نوسەر و وەرگێڕانی تریش، بەسەر بکەنەوە و، گۆڤارەکەتان بگاتە هەموو پارێزگاکانی هەرێم.




**کتێبخانەی کوردی، هەژارە بە کتێبە وەرگێڕدراوەکان و، ناوەندەکانی چاپکردن درێغییان نەکردووە، بەڵام ئەوەی تورەم دەکات، (رێزنان)ی، مەعنەویی، وەرگێڕەکانە! ئاخۆ بۆ لانیکەم وەزارەتی رۆشنبیریی، ناسنامەی تایبەت نابەخشێت بە وەرگێڕ و نوسەر و شاعیران؟ بڵێی ئەمەشیان بەهۆی باری داراییەوە بێت؟**

# جەوهەر مەحمود حسێن

-لەساڵی (1949) لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لەدایکبووە.

- سەرەتایی و ناوەندی و، خانەی مامۆستایانی، لە سلێمانی تەواوکردوە.

- لە ساڵی (1971) بە پیشەی مامۆستای بنەڕەتی، لە دێیەکی سەر بە (وارماوە)، بە نێوی (ئەحمەدبـــڕندە) دامەزراوە.

-هەر لەو ساڵەدا هاوسەرگیری کردوە و، سێ کوڕ و دوو کچی هەیە.

-لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا چەندین نووسین و کورتە چیرۆك و کاریکاتێرم بڵاوکردووەتەوە.

-خاوەنی چەند بەرهەمێکی وەرگێڕدراوە، وەك :

-(هەزارو یەك شەوە) چاپی یەکەمی، چوار بەرگ،ساڵی (2007) چاپکراوە.

-رۆمانی (شەڕ و ئاشتی)ی (تۆلستۆی) رووسی، چوار بەرگ و لە (2012)چاپکراوە.

-رۆمانی (قــومارچی)ی (دۆستۆیڤسکی)  چاپی یەکەمی لە (2013)دا چاپکراوە.

-رۆمانی (قــەموورەکەی نۆتـــردام)ی ڤیکتۆر هۆگـــۆ، ساڵی (2015) چاپکراوەوە

